ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
99
25 ی کانونی یەکەم / دیسێمبەری 2024

## شەرفرۆشتنی تورکیا بە کوردستانی سوریا!



موحسین کەریم

ڕاگەیاندنەکەی ئەردۆگان سەبارەت بە هێزەکانی سوریای دیموکرات بەوەی کە یان دەبێ چەکەکانیان رادەست بکەن یاخود لەگەڵ چەکەکانیاندا دەیاننێژین، جەوهەری فاشیزمی هەوسارپچڕاوی بۆرژوازی تورکی نیشان دەدات کە ئۆردوگان گوزراشتی لێدەکات! لە سەردەمێکدا کە مەنتقی هێزو ملهوری بووە بە سیاسەتی ڕاگەیەنراوی هێزە بۆرژواییە ئیمپریالیستی و لۆکالیەکان، ئیتر هیچ سەرپۆشێک پێویست نیە بۆئەوەی بۆرژوازی ماهیەتی دروزنانەی دژە ئینسانی خۆی لەژێریدا بشارێتەوە! کوشتاری خەڵکی مەدەنی و منداڵ و ژن وەکو بەشێک لە سیاسەتی جەنگی و شکسپێهێنان و تەمێکردنی "دوژمن" و کاولکردنی ماڵوحاڵیان، باراندنی بۆمب و مووشەک بەسەر شارەکاندا، جلەوشلکردن بۆ گروپ و دەستەو تاقمی بەکرێگیراوی ئیسلامی و نەتەوەپەرست و بەردانیان بۆ گیانی خەڵکی بێدیفاع و مەدەنی بووتە بەشێک لە ستراتیژی جەنگی بۆرژوازی لە دەورانێکدا کە هیچ بەهایەک بۆ ژیانی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش لە قاموسی سیاسی بۆرژوازیدا نەماوەتەوە. لە دەورانێکدا کە قەیرانی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێتوانایی

بۆ لاپەڕە ٢

## ئایا حکومەتی هەرێم پێکدێت؟

عوسمانی حاجی مارف



بۆ لاپەڕە ٣

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ( ڕێبوار عارف) سەبارەت بە بەڕیوەچوونی کۆنگرەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی "کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری"



بۆ لاپەڕە ٥

ئێوارە کۆڕێک بۆ موحسین کەریم ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی دەرەوەی حزب لە سوید!.............لاپەڕە ٧

وتەی دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب لە چوارەمین ساڵیادی ژیانلەدەستدانی مامۆستا شێرزاد فاتح لە سوید....لاپەڕە ٨

## دەورەیەکی تازەی هێرشەکانی تورکیاو میلیشیاکانی دەوری بۆسەر ناوچە کوردیەکانی سوریا

نوری بەشیر



بۆ لاپەڕە ٩

## ڕوداوەکان و ئایندەی سوریا

عوسمانی حاجی مارف.......بۆ لاپەڕە ١١

## خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای سووریا!

توانا محمد نوری..........بۆ لاپەڕە ١٣

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی......شەڕفرۆشتنی تورکیا بە کوردستانی سوریا!

بۆرژوازی و سیستەمەکەی لە بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا پووچی هەموو ئیدیعاکانی بۆرژوازی دەربارەی مافی مرۆڤ و ئازادی و ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و سەروەربوونی یاسا نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی روون و رەوان نیشانداوە، لە سەردەمێکدا کە ئیسرائیل کوشتنی بەکۆمەڵی منالی فەلەستینی وەکو مافی بەرگریکردن لە خۆی دەگرێتەبەرو لەلایەن ئەمریکاو وولاتانی رۆژاواوە پشتیوانی لێدەکرێ، ئەو دەرفەتەش بۆ فاشیستێکی وەکو ئۆردوگان رەخساوە کە هەرەشەی کوشتاری خەڵکێک بکات لەو دیو سنورەکانیەوە کە گوایە مەترسیان بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی وولاتەکەی دروست دەکەن!

ئۆردوگان و دەسەڵاتە نەتەوەپەرست و فاشیستەکەی، کە لەرێگای هاوکاریکردنی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکانی " سوپای نیشتمانی سوریا" و " هەیئەی تەحریری شام" وە، کە لە دوای دەرپەڕاندنی بەشار ئەسەدەوە لەچوارچێوەی بەندوبەستێکی سیاسیدا لە نێوان جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکاندا، دەسەڵاتی سوریایان رادەستکرا، ئەو غرورەی لا دروست بووە کە دەتوانێ بڕیاردەری سەرەکی بێت لە دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا و دیاریکردنی نەخشەی ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لەو وولاتەدا، بۆیە وەکو خاوەنماڵ کەوتۆتە هەڕەشەکردن لە خەڵکی کوردستانی سوریاو هێزەکانی هەسەدە کە کۆنترۆڵی ناوچە کوردنشینەکان و باکوری رۆژهەڵاتی سوریایان بەدەستەوەیە. دەوڵەتی تورکیا کە خۆی پشتیوانی سەرەکی سیاسی- سەربازی و لۆجستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو، کە خۆی پشتیوانی سەرەکی گروپە چەکداریە تیرۆریستیەکانی "سوپای نیشتمانی سوری" و " هەیئەی تەحریری شام"ە ، شمشێری لەناوبردنی "تیرۆریستە کوردەکان" و "هەسەدە"ی هەڵکێشاوە! هەرەشەی ناشتنی ئەو کەسانە دەکات کە دژی داعشی تیرۆریستی کۆنەدۆستی ئۆردوگان جەنگین و توانیان شکستیان پێبهێنن! هەرەشە لەو هێزە دەکات کە دۆخێکی ئارامی بۆ خەڵکی ناوچەکە پێکهێناوە و بەرامبەر بە تیرۆریزمی ئیسلامی پاراستوونی. بەپێچەوانەی دەسەڵات و سیاسەت و فەرهەنگی فاشیستی و شۆڤێنیستی ئۆردوگان و حزب و دەوڵەتەکەی، هەموو هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتەکەیان مافی هاوڵاتی یەکسانیان هەیەو کەس لەسەر بنەمای جیاوازی زمان و نەتەوەو دین و بیروباوەری ماف و ئازادیەکانی پێشێل ناکرێت.

ئۆردوگان و دەسەڵاتەکەی کە لە تورکیا سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردزمان پێشێل دەکەن و بەبیانووی جۆراوجۆرەوە هەڵسوڕاوانی سیاسی و ئەندام پەرلەمانە کوردەکان و... دەستگیرو زیندانی دەکەن، دەیەوێ ئەو دەرفەتەی لە کەوتنی بەشار ئەسەد بەدەستی هێناوە لەدژی هاوڵاتیانی کوردزمانی سوریاش بیقۆزێتەوەو ئەو خەڵکەی کە جۆرێک لە ئازادی و ئیرادەی سیاسی خۆیان بەدەستهێناوە، دوبارە بخاتەوە ژێرچەپۆکی سەرکوت و داپڵۆسین و بێمافی.

بانگەشەکان و پیلان و جەنگخوازی تورکیا دژی هێزەکانی هەسەدە و خەڵکی کوردستانی سوریا هیچ رەوایەتیەکی نیەو بیانووەکانی بۆ دژایەتی تیرۆر لەروانگەی بەشەریەتی ئازادیخواز و ئینسانذۆستەوە بایەخی پووشێکی نیە. خەڵکی کوردستانی سوریا مافی خۆیانە بەرگری لە ماف و ئازادیەکان و بڕیاری سیاسی خۆیان بکەن دژی هەرجۆرە دەستدرێژیەکی تورکیا و دەبێت لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە پشتیوانی بکرێن.

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فایبەر: 0044(0)7394013135

واتس ئەپ: 0044(0)7394013135

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی

عوسمانی حاجی مارف

00964(0)7701570050

Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

خەسرەو سایە

00964(0)7701511043

saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە

دەشتی جەمال

0044(0)7856032991

dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان

فواد سادق

00964(0)7732499966

foadsadq@yahoo.com

# ئایا حکومەتی هەرێم پێکدێت؟

عوسمانی حاجی مارف

ڕێگای پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان، "کابینەی دەیەم"، درێژ و دڕکاوی و ئاڵۆزە، دوای ئەوەی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان، کە لە مانگی تشرینی یەکەمدا ئەنجامدرا، ئەنجامێکی دا بەدەستەوە کە ڕێژەی یاسایی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت لەلایەن هەر لایەنێکەوە بە تەنیا، بووەتە حاڵەتێکی نەگونجاو، تا بتوانن بەبێ دواکەوتن حکومەت پێکبهێنن.

بارزانی کە ٣٩ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسی پەرلەمانی کوردستانی بەدەستهێناوە بەزۆرینە ئەژماری دەکات، ئیتر بەناوی ئەوەی زۆرینەیەوامامەڵە ، دەکات کە مافی خۆیەتی پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەژێر دەستی خۆیدا بمێنێتەوە، هەروەها پۆستە لاوەکیەکان بەسەر لایەنە براوەکانی تردا دابەشبکات.

لەڕاستیدا واقعی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، کە زیاتر لە سێ دەیەیە دەسەڵاتی بنەماڵەو میلیشیایە، ئاماژەیە بۆئەوەی حکومەتی هەرێم بەبێ ڕێکەوتنی هەردوو لایەنی سەرەکی کە بارزانی و تاڵەبانیە، ئەگەری پێیکهێنانی حکومەت ئەستەمە، بۆیە هەرێم بە واقعێکی تاڵ و دژوار پێناسە دەکرێت.

ناکۆکی و داواکاری هەردوولایەنی سەرەکی لەسەر هاوبەشی پۆست و پێکهێنانی حکومەت، سەقامگیری و کۆتاییەکی دیاریکراوی نیەو هەمیشە دەکەوێتە بەر چارەنوسێکی ناچاریەوە، کە هەمیشە لەدەرەوەی خواست و ویست و ئیرادەی خەڵکەوە ڕێکدەخرێت .

لەبەر ڕۆشنایی سەقفی بەرزی داخوازیەکانی تاڵەبانی پێدەچێت ئەمجارە ڕێکەوتنەکانی بارزانی و تاڵەبانی ئاسان نەبێت، چونکە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، یەکێتی کە ٢٣ کورسی بەدەستهێناوە، سەقفی داواکاریەکانی پێشووی، کە بریتی بوو لە سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لە حکومەتی پێشوودا، بەرزکردۆتەوە بۆ ئەو ئاستەی داوای پۆستی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی حکومەتی هەرێم بکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، یان پۆستە سیادیەکان بە خول لەگەڵ پارتی بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ هەر لایەکیان بێت، ئەمەش داوایەکی گران و سەختە لەسەر بارزانی.

زۆربەی ئەو لایەنانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کورسیان بەدەست هێناوە، جگە لە یەکێتی و پارتی، ڕایانگەیاندووە کە نایانەوێت بەشداری حکومەت بکەن. هاوسەنگی هێز لەم هەڵبژاردنانەدا گۆڕاوە، هیچ براوەیەکی ڕەها نیە کە بتوانێت حکومەت بەتەنیا پێکبهێنێت، هەروەها دۆخی پرگێژاوی سیاسی ناوچەکەش حاڵەتێکی چاوەڕوانی داوە بە بارزانی و تاڵەبانی تا ئەوەی بتوانن بەڕۆشنی دیاری بکەن کە پێکهاتەی حکومەتەکەیان چۆن بێت.؟

دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لەوانەیە هەرێم بخاتە دۆخێکی سەختی یاسایی نوێوە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان پەنا بۆ دادگای فیدراڵی ببەن بۆ فشارکردن بەرەو پێکهێنانی حکومەت، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەم حاڵەتەش فشارێک دەبێت لەسەر بارزانی و تاڵەبانی.

هەرچەندە ئەم هەرێمە زیاتر لە دوو دەیەیە کە بە فەرمی لەلایەن عێراقەوە بەهرەمەند بووە لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان، بەڵام لەتەواوی ئەو ماوەیەدا واقعێکی تر دەبینین کە هەرێم بەسەر دوو بواری نفوزدا دابەشبووە، بارزانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی کۆنترۆڵکردوە، تاڵەبانی کۆنترۆڵی سلێمانی و هەڵەبجەی کردوە، هەر حزبێکیان هێزی ئەمنی و سەربازی تایبەتی هەیە، داهاتی ناوخۆی پارێزگاکان و دەروازە سنووریەکان کۆنترۆڵ دەکەن و بڕیاردەرن تێیدا.

ئەم هەڵبژاردنە دیمەنێکی سیاسی ئاڵۆزی دەرخست، بەوپێیەی هیچ کام لە دوو لایەنی سەرەکی، بارزانی و تاڵەبانی نەیانتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەرچەندە بارزانی ئەمجارەش بەجۆرێک لە لوتکەدا هاتە دەرەوە، بەڵام بەوەی زۆرینەی ڕەهای بەدەست نەهێنا، فرسەتی بە تاڵەبانی داوە بۆ هاوبەشی لە پێکهێنانی حکومەتدا کە بە ئاسانی خۆی نەدا بەدەستەوە و خواستێکی بەرزتر دەکاتە مەرجی دانیشتنەکانیان و بە مەرجەوە لە پێکهێنانی حکومەتدا لەگەڵ بارزانی دەمێنێتەوە.

هەرچەندە لایەنی تر وەک نەوەی نوێ ١٥کورسی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ئێستادا کاریگەریان لەسەر پێکهێنانی حکومەت تەواو سنووردار دەردەکەوێت.

بارزانی لە دروستکردنی هاوپەیمانی فراواندا، بەتایبەت لەژێر ڕۆشنایی ڕەتکردنەوەی زۆربەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، بۆ بەشداریکردن لە هەر حکومەتێک کە بارزانی و تاڵەبانی سەرکردایەتی بکەن، ڕووبەڕووی ئاستەنگیەکی گەورە دەبێتەوە. هەر لەم ئاراستەیەوە تاڵەبانی هەوڵدەدات ئەو هەلومەرجە بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە دانیشتنەکاندا بۆ بەدەستهێنانی پێگەی گرنگتر لە حکومەتی داهاتوودا.

بەغدا چاوی لەسەر پێشهاتە سیاسیەکانی هەرێمە و بەردەوام دەخاڵەت دەکات و کێشەکانیشان بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە، بەڵام لە هەوڵەکانی پێکهێنانی

حکومەتی هەرێمدا، سودانی، هەوڵدەدات پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێم پتەوتر بکات و رۆڵی نێوەندگیری بگێرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بارزانی و تاڵەبانی.

سودانی دەبینێت کە دۆخی ناوچەکە دوای کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد ئاڵوگۆری تازەی هێناوەتەئاراوە، ئاشکرایە ئەو ئاڵوگۆرانەش کاریگەریان لەسەر دۆخی ناوچەکە فراوانتر کردۆتەوە، بۆیە سودانی لەم نێوەندگیریەدا مەیلی لەسەر ئارامکردنەوەی دۆخی عێراق و کوردستانە گەر بتوانێ ئەنجامی بدات.!

ئەوە راستە کە سودانی هەوڵئەدات بۆئەوەی بەشداری بکات لە خێراکردنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵام لەنێوان هەرێم و ناوەندا چەندین فایلی هەڵپەسێردراوی تر هەن، لەوانە بودجەو مووچە، دانانی یاسای نەوت و گاز، پێشمەرگە، سنورەکان و مادەی ١٤٠ی دەستوور، تا دەگات بە بەشداری لە "پرۆژەی گەشەپێدان"دا، هەروەها کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق دادەنێت، کە سودانی هەوڵئەدات وەک سەرۆکوەزیران بمێنێتەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا سودانی تاچەند دەتوانێ ئەوانە یەکبخات و تیا سەرکەوتوبێت؟، بەتایبەتی کە ئێستا بۆخۆشی دەرگیرە بە کێشەکانی نێوان چوارچێوەی هەماهەنگی و رۆڵ و پێگەی ئێران لە عێراقدا، بۆیە ئەم نێوەندگیریەی سودانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم راوەستاو دەیهێڵێتەوە.

رۆڵی سودانی کاتێک ئەتوانێ کاریگەر بێت لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا، کە دەوری هەبێت لە جێگیرکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا، حکومەتی هەرێم بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لەگەڵ کێشەکانی بەغداد ژیاوە و ناچار بە پابەندبون بووە بە گەرانەوە بۆ بەغدا، بۆیە پێویست دەکات سودانی بتوانێ هاوسەنگی راگرێت لەبەرامبەر نەیارەکانی لەناو حکومەتی بەغداو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و بارزانی و تاڵەبانی و چارەنوسی خۆیدا، هەروەها دیاریکردنی بودجە و فرۆشتنی نەوت و گەیشتنی داهاتی هەرێم بە حکومەتی عێراق، کە لەم بارەیەوە ئەنجامگیریەکی رۆشن نە بۆ عێراق نە بۆ هەرێم دیار نیە!.

لەژێر رۆشنایی ناکۆکیە گەورەکانی نێوان بارزانی و تاڵەبانی، یەکێتیەکان ئاماژە بەوە ئەدەن، کە پارتی هەوڵدەدات کۆنترۆڵکردنی حکومەت و بەتایبەت داهاتی هەرێم و نەوتی هەرێم، بە هەر شێوەیەک خۆی دەیەوێت پیادەی بکات، بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێت. ئەمەش بەدرێژایی ساڵانی پێشوو بینراوە کە هیچ هاوبەشیەکی راستەقینە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا نەبوە، بەڵکو زیاتر شتەکان بەپێی باڵادەستی پارتی و بەرژەوەندیەکانی بەرێوەچوە.

باڤڵ ئاماژەی بەوەکردووە، کە خوازیاری شەراکەتێکی واقعین، بۆ کارکردنی هاوبەش لە حکومەت و پەرلەماندا، شەراکەت بۆ باڤڵ بەمانای بەدەستهێنانی ئیمتیازێکی زیاتر و پاراستنی پێگەو نفوزی سیاسیانە، شەراکەتی واقعیش بۆ بارزانی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و مانەوەی ئیمتیازەکانیەتی لە حکومەتدا. ئەوەی ئاشکرایە هەردوولایان ئەوە باش دەزانن و دان بەوەدا دەنێن کە بەبێ رێکەوتنی هەردوولایان حکومەت پێکنایەت، بۆیە لە دوائەنجامدا چاریان نیە و لەژێر فشاری پێکهێنانی حکومەتدا دەبن، تا قەیرانی سیاسی و نارەزایەتی خەڵک لولیان نەدات، بەڵام چۆن رێکدەکەون؟ پرسیارێکە جارێ بەجێماوە.

مەسعود بارزانی لەمیانەی وتارێکیدا وتی "پێویستە حکومەتی داهاتوی هەرێم بەپێی پرەنسیپی یەک هەرێم و یەک حکومەت و یەک پەرلەمان پێکبهێنرێت، بەئامادەبونی هێزێکی یەکگرتوی پێشمەرگە". بەڵام ئەمە چۆن کاری لەسەر دەکرێت و چۆن پێکیدەهێنن؟، دیارە کە دوای سێ ساڵ زیاتر لە ئەزمونی دەسەڵات و حکومەتەکانیان نیشانیان داوە هیچ زەمینەیەکیان ئامادە نەکردوە کە بتوانن یان بیانەوێت کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەن.

هەرێم بەدەست دابەشکردنی نفوز و دەسەڵات لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا دەناڵێنێت، کە هەندێکجار خەریک بووە بگاتە ئەو ئاستەی بەفەرمی بکەوێتە سەر هەرەشەی جیاکردنەوەی پارێزگای سلێمانی لە حکومەتی هەرێم، یان بەردەوام ئەم جیاکردنەوەیە وەک خواست و فشارێک دەدرێتەوە بەرووی بارزانی و حکومەتی عێراقداو خولقێنەری قەیرانێکی بێچارەسەرە.

کێشە و قەیرانی سیاسی هەرێم لە دابەشکردنی ناوچەکانی نفوزی نێوان هەردوو حزبی سەرەکیدایە، بەناوی زۆنی زەردو زۆنی سەوز، بۆیە هیچ لایەنێک ناتوانن بەبێ لاکەی تر مانایەک بە پێکهێنانی حکومەت بدەن، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان بەتەنها حکومەت راگەیەنێت، ئەوکات دەبێتە دابەشبونی فەرمی ئەو دوو زۆنە لە یەکتر و دۆخێکی نائارامتر رادەگەیەنن.

حکومەتی ئەمجارەش، چ لە پارتی بێت یان یەکێتی، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ناوچەکانی لایەنی بەرامبەر کۆنترۆڵ بکات، دوو هێزی میلیشای پاشکۆیە بە بەرژەوەندی وڵاتانی تر و پابەند بە غداوە، لەم دۆخەی ئێستای بارگرژی ناوچەکەدا، گەر حکومەتیش پێکبهێنن، لە دابەشنەکردنی مووچە و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و نائەمنی و ناسەقامگیری زیاتری لێ سەوز نابێت. بۆیە کۆتایی دەسەڵاتیان ئاسودە بەخشە بۆ دانیشتوانی هەرێم.

★

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ بەهادینی حاجی بەکر ( ڕێبوار عارف) سەبارەت بە بەڕیوەچوونی کۆنگرەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی " کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری"

**ئۆکتۆبەر: ڕۆژی ٢٩ی مانگی ڕابردوو کۆنگرەی دامەزرێنەری "کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری" لە بەغداد بەڕێوەچوو. ئەگەر بەکورتی رونکردنەوەیەکمان بۆ بدەی سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕیوەچوونی کارەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەر. بەشداربووان کێ بوون و لەکوێوە هاتبوون؟ ئەو بەڵگەنامانەی کۆنگرەی پەسەندی کردن چی بوون؟ پەیکەرەی ڕێکخراوەکەتان چۆنە؟**

ڕێبوار عارف: یەکەم کۆنگرەی ڕێکخراوی (کۆنگرەی ئازادی وگۆرانکاری) لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق، بە ئامادەبوونی نزیک بە شەست هەلسوراو و کەسایەتیەکانی بزووتنەوە نارەزایەتیە جۆراوجۆرەکان وەک ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر، بزووتنەوەی یەکسانی ژنان و مامۆستایان و کرێکاران، بێکاران، بەرگریکارانی ژینگە، ئەوانەی بەدژی وشککردنی زۆنگاوەکان وەستاون و ئەوانەی لەپێناو ئازادییە سیاسییەکان و یەکسانی و دژی جیاکاری نەتەوەیی دەجەنگن. لە کەشێکی پڕ لە جۆش و خرۆش و شۆڕشگێڕانەدا کە لە زیاتر لە ٢٠ شاری عێراق و کوردستانەوە هاتبوون، لەم کۆنگرەدا لە ٢٩ی ئۆکتۆبەر یەکەمین کۆنگرەی(کۆنگرەی ئازادی وگۆڕانکاری)بەڕێوەچوو. لەم کۆنگرەدا ڕاپۆرەدا چەندین بڕگەی جیاواز تاوتوێکرا لە چەشنی بڕگەی ڕاپۆرتەکان؛ کە تێیدا چالاکی کارەکانی (ک.ئا.گ) لەماوەی ٦مانگی ڕابردوو، واتە لەکاتی ڕاگەیاندنیەوە خرایە بەردەم ئامادەبووان.

ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک لەکاروچالاکیەکانی لەگەڵ پێناسەیەکی (ک.ئا.گ) پێشکەشکرا لەناوەوە و دەرەوەی عێراق، هەروەها هەڵوێستە سیاسیە جیاوازەکان لەبەرامبەر داکۆکیکردن لەئازادیە سیاسیەکان و گرتنی چالاکوانی بزووتنەوەی نارەزایەتیەکان لەبەسرە وبەغدا وناسریە، وبەشداریکردن لەپشتیوانی لە هاوپەیمانی ١٨٨ دژ بەهەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی، وپشتیوانی هاوپشتی لەنارەزایەتی بێکاران ودەرچووان وکرێکارانی نەوت. لەکوردستانیش بەشداری چالاکانە وکاریگەر بۆپشتیوانی لەهاوپەیمانی ١٨٨ ونارەزایەتیەکانی مامۆستایان وفەرمانبەران دژ بەدەستی دەستیکردن ولێبڕین ونەدانی مووچەکانیان، وبەشداریکردن لەنارەزایەتیەکانی ناوچەی گەرمیان لەپێناودابینکردنی خزمەتگوزاریەکانیان.

"بڕگەی مەنشوری(ک.ئا.گ)؛ کەلەکۆبوونەوەکانی پێشووتردا کۆکبوون لەسەری، پێشکەشکرا وخرایە بەردەم کۆنگرە( کەبەرزترین ئۆرگانە) بۆئەوەی سەرنج وپێشنیاروگۆڕانکاری کۆتایی تێدابکرێت. بەزۆرینەی دەنگ، دەنگی پێدرا. "بڕگەی بنەما سیاسی وریکخراوەییەکان(نیزامی داخلی)؛ گفتوگۆی چڕوپڕ بۆمادەکانی ناوی کرا. پاشان دەنگ لەسەرچوارچیوە گشتیەکەی درا، لەگەڵ وەرگرتنی هەموو ئەو زیادکردن وهەموارکردنەوە وسەرنجانەی لەکۆنگرەکەدا بۆی کرا.. "بڕگەی ئەولەویاتە سیاسی وریکخراوەییەکان؛ گفتوگۆی دوورودرێژ لەسەربەندەکانی کران، وپاشان بەزۆرینە دەنگی لەسەردرا.. "بڕگەی بڕیارەکان؛ بەزۆرینەی دەنگ، لەسەر ئەم بڕیارانە دەنگدرا:

١ /لەرۆژی جیهانی بۆپشتیوانی لەگەلی فەلەستین، (ک.ئا.گ) پشتیوانی سیاسی ومەعنەوی خۆی بۆبەرەی کرێکاری یەکگرتوو بۆداکۆکیکردن لەگەلی فەلەستین ڕادەگەیەنێت.

٢ /وەستانەوە بەدژی وشکردنی زۆنگاوەکان وداکۆکیکردن لەژیان وگوزەرانی دانیشتوانەکەی.

٣ /داکۆکیکردن لەرەشپێستانی بەسرە وخەباتیان دژ بەهەموو جۆرەکانی رەگەزپەرستی کەبەرامبەریان دەکرێت لەهەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە.

٤/وەستانەوەی جەسوورانە دژ بەهەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی وپشتیوانی لەهاوپەیمانی ١٨٨.

٥ /داکۆکیکردن لەدانی مووچەی مامۆستا وفەرمانبەران وخانەنشینان لە هەرێمی کوردستان، وکۆتاییهێنان بەهەموو جۆرەکانی دەستیدەستی پێکردن ودواخستن و نەدانی مووچەکان، وجیاکردنەوەی کێشەی مووچە لە ململانێیە سیاسیەکانی نێوان حزبەکان لەهەولێر وبەغدا(حکومەتی ناوەند وهەرێمی کوردستان.

" بڕگەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندی؛ بڕیارلەسەر بەئەندامبوونی ٢٦ کەس درا بۆئەنجومەنی ناوەندی.

**ئۆکتۆبەر: ئامانجی رێکخراوەکەتان چیە؟ رێکخراوەکەتان چ جۆرە رێکخراوێکە؟ مەیدانی هەڵسوڕانی کوێ دەبێت؟**

ڕێبوار عارف : لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی لە گۆڕێدایە کە جیاواز لە جێگەورێگەی دەیان ڕێکخراو ئەحزابی سیاسی کە زۆربەی زۆری ئەم حیزب و لایەنانە خۆیان هۆکارو بەرپرسی ئەم هەموو قەیران و نائەمنی و وێرانکاری و گەندەڵی و بارگرانیەی کۆمەڵگای عێراقن بە کوردستانیشەوە، بۆیە لە وەها بارودۆخێکدا ئێمە بیرمان لە ڕێگەیەکی تری کار کردەوە کە بتوانێت وەلام بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بداتەوە لەسەر بنەمای دەخالەتگەریەکی خولقێنەرانە لە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێرانەوە بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕ لەم کۆمەلگایەدا کە ئەو خەلکە لە بەهای ئینسانی و پاراستنی کەرامەتی خالیکراوەتەوە.

بۆیە لەمبارەوە ئێمە دەمانەوێ ڕێکخراوێکی جەماوەری سەرتاسەری شۆڕشگێڕانە لە ئاستی عێراقدا بنیادبنێین کەبتوانێت کۆی چین و توێژەکان و هەموو ماف و ئازادی و ⇐

داخوازیەکانیان لە ئەستۆبگرێت.

لێرەوە لە وەڵامی بەشێیک لە پرسیارەکەتان نزیک بینەوە کە ئاخۆ ئەم ڕێکخراوە چ جۆرە ڕێکخراوێکە؟!

ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو گۆشەو کەنارێکی عێراق و کوردستاندا بە شێوازێکی پەرتوبلاو دەتوانین بڵێن دەیان جۆری نارەزایەتی کاتی و خۆرسک و ناڕێکخراو دەبینین کە هەوێنی نارەزایەتیەکی گەورەی کۆمەلایەتی ناڕێکخراوە کە دەیان جار لە ڕێپیوان و خۆپیشاندانەکانیشدا بینمانن کە قوربانی گەورەیانداوە لەپێناوی داواکاریەکانیان، نموونەی بەرچاوی ئەم هەقیقەتە نارەزایەتیەکانی ١٧ شوباتی کوردستان و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ناوەراست و خواروی عێراقە کە دەسەلات لە خوێنی هەلکێشا.

لە شێوازە بەرجەستەکەیدا ڕەنگە ئەم دوو نموونەیە بۆمان بسەلمێنێت ڕێکخراوێک کە دروستی دەکەین دەبێت سەرتاسەری بێت بتوانێت بە ئامادەییەکی تەواوەوە بە کارنامەو مەنهەجیەتێکی شۆڕشگێرانەوە پێبنێتە نێو شانۆی سیاسی ڕووداو ئالوگۆڕەکانی عێراق و ناوچەکەدا، بەتایبەت لەئێستەدا کە ناوچەکە دەستوپەنجە لەگەل ژانی لەدایکبوونێکی نوێدا نەرم دەکات و ئەگەر ئامادەو ڕێکخراو نەبین بەدووری نازانین کە کۆمەلگای عێراق بە کوردستانیشەوە بەقۆناخێکی خوێناوی پڕ کارەساتدا تێپەڕێت و جارێکی تر سەرلەنوێ دووچاری تراژیدیای گەورە بینەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە باس لەوەدەکەن کە جوگرافیای هەڵسورانی ڕێکخراوەکەتان سەراسەری عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە. دەکرێ دەربارەی شێوازی کار و هەڵسورانی ڕێکخراوەکەتان لە کوردستان و چۆنیەتی هاوئاهەنگکردنی کارو چالاکیەکانتان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا ڕوونکردنەوەمان بۆ بدەی؟**

ڕێبوار عارف : بەڵێ لە ڕاستیدا یەکێک لە بابەت و بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم لە کۆتایی مانگی ڕابردودا ئاماژەکردن بوو بە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانمان لە کوردستان بەوشێوەکارەی کە مومکین و وەلامـــــــــدەرەوەیە بە ناوەڕۆکی پرسیارەکەتان، کە ئەویش بە جۆرێک استقلالی کارەکانمانە لە کوردستان لە فۆرمی دروستکردنی ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاریدا بە حوکمی ئەو تایبەتمەندیەی کە ئێمە لەم ناوچەدا دەرگیرین لەگەلیدا لە مەسەلەی کێشەو قەیرانی مووچەوە بگرە تا دەگاتە داگیرکاری ولاتانی ناوچەکە، تا دەگاتە دەرگیربوونمان لەگەل حکومەتی هەرێمدا کە بەکردەوە دەکرێت بلێین جەنگی ئێمە لەبەرامبەر بە دوو دەسەلاتدایە. بۆیە ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆنفرانسی کوردستان ئەنجام دەدەین، کە جیاواز لە نەخشەو بەرنامەو دیاریکردنی ئەولەویاتی خۆی هاوکات ڕابەری کوردستان. سەبارەت بەشێوازی کارمان لەگەل بەشەکانی تری عێراقدا جیاواز لەوەی لە هەرکارو کەمپەینێکی سەراسەریدا بێگومان ئێمەش وەک کوردستان بەشێک دەبین لەو جولانەوانە، هاوکات بە تەواوی تواناوە هەول دەدەین بۆ بەهێزکردنی هاوپشتی و گیانی هاوخەباتی لەسەراسەری عێراقدا. لە رووی ڕێکخراوەیشەوە ئێمە حەوت کەسمان لە ڕابەری ئەم ڕێکخراوەداین لە ئاستی عێراقدا کە ئەوەش مەیدانێکی تری بۆ ڕۆلگێرانی خۆمان لەم ڕێکخراوەدا دەستەبەرکردوە.

**ئۆکتۆبەر: بەرنامەی کار و هەنگاوەکانی داهاتووتان دوای بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە چی دەبێت؟ نزیک مەودا چی دەکەن و لە داهاتوودا چۆن بەردەوامی پێدەدەن؟ بانگەوازتان بۆ خەڵکی نارازی چیە؟**

ڕێبوار عارف: لەباری سیاسیەوە گرنگترین ئەولەویەتی ئێمە دەخالەتگەری سیاسی و عەمەلیە لەنێو نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا کە تێدا تەواوی هەوڵ و تەقەلای خۆمان بدەین بۆ ڕێکخستن و پەرەپێدان بە نارەزایەتیەکان و جولانی شەقام بۆ داکۆکیکردن لە ماف و داخوازیەکانیان، هاوکات هەول دەدەین بۆ فراوانکردنەوەی پانتایی کاری ڕێکخراوەی و ڕێکخستنی هەلسوڕاوان و ڕابەرانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان . دیارە لەڕووی ڕێکخراوەیشەوە دروستکردنی دەستەی شارو ناوچەکان فروانکردنەوەی سنووری ڕێکخراوەیمان ئەرکێکی دەستبەجێ و گرنگە، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە بەرنامەی کارو و نەخشە ڕێگەی ڕۆشبمان هەبێت بۆ بەئەنجام گەیاندن و کارکردن لەسەر یەک بەیەکی بڕیارنامەکانی کۆنگرە.

دواجار بانگەوازی ئێمە بۆ خەلکی کوردستان وردبینی و چاوکراوەییکی جیدیە سەبارەت بە باروودۆخی ناوچەکەو ئەگەری هەر گۆرانکاریەک و خۆئامادە کردن بۆ رووبە ڕووبوونەوەی هەر دۆخێکی نەخوازراو ، بۆیە ڕێکخراوبوون کلیلی بەدەستەوە گرتنی هەر ئیبتیکارو خۆپاراستنێکیشە لە هەر مەترسیەک کە دەتوانێت ئەنجامی یەکجار خراپ و زیانباری هەبێت، بۆیە لە ڕادەبەدەر گرنگە کە خۆمان لە ڕیزەکانی کۆنگرەی ئازادیدا ڕێکبخەین و پەیوەست بین بەم ڕێکخراوەوە بۆ بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانمان.

**ئۆکتۆبەر: پەیوەندیتان لەگەڵ دەسەلات، حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەدا چۆن و لەسەر چ بنەمایەک دەبێت؟**

ڕێبوار عارف: جیاواز لەوەی کە ئێمە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ڕەسمی و نارەسمیمان نیە لەگەل دەسەلات و حیزب و لایەنەکانداو وە لەڕاستیدا کاری بنەڕەتی ئێمە ڕاوەستانەوەو هاتنەمەیدانە دژ بە هەر سەرکوتگەری و ناعەدالەتی و بێمافیکردنێک لەلایەن دەسەلات و هەر حیزب و لایەنێکەوە، بەلام دەکرێت و ئاساییە لەسەر داخوازیەکانی شەقام ماف و ئازادیەکانی ئەو خەلکە لە داهاتوودا هەر جۆرە بەرکەوتەیەکی ئاشکراو ڕۆشنمان هەبێت، دەکرێت حیزب و لایەنێک بەورادەی کە لەپال خواست و داواکاریەکی شەقامدا خۆی دەبینێتەوە پێزانینی ئێمەش دەربارەی ئەو هەلوێستەیان ڕوو بەخۆیان ببیننەوە!

.........




# ئێوارە کۆڕێک بۆ موحسین کەریم ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی دەرەوەی حزب لە سوید!

ڕۆژی ٢١ی ١٢ کۆمیتەی ڕێکخستنی حزب لە سوید ئێوارە کۆڕێکیان بۆ موحسین کەریم، ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی دەرەوەی حزب سازدا لەژێر ناونیشانی "کێشمەکێشە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەکەو کاریگەری لەسەر عێراق و کوردستان". ئێوارەکۆڕەکە بە بەشداری ژمارەیەک هاوڕێ و دۆستی حزب لە ستوکهۆلم بەڕێوەچوو، هاوکات بەشێوەی ڕاستەوخۆش لەسەر پەیجی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب پەخشکرا.

موحسین کەریم سەرەتا ئاماژەی بە کاریگەری فاکتەرە جیهانیەکان و ململانێی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان لەسەر ڕوداوەکانی ناوچەکە کرد، بەهۆی ئەو پێگە گرنگە سیاسی و ئابوریەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتی لە دابەشکاری بازار و ناوچەکانی نفوزدا لەنێوان ئەو هێزو جەمسەرانەدا. پاشان سەبارەت بە دوا گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی دوای ڕوداوی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو و هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کاردانەوەکانی ئیسرائیل و تاوانەکانی لە غەززەو هێرشی بۆسەر لوبنان و .. قسەوباسی کرد. دواتر ئاماژەی بە ڕوداوەکانی سوریاو پرۆسەی ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و دەوری هێزە جیهانی و ناوچەییەکان لەو پرۆسەیەدا کرد. باسی لەوە کرد کە ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات نفوزی لە سوریا و ناوچەکەدا بەهێز بکاتەوە، دوای ئەوەی کە پاشەکشەیەکی بەسەردا سەپێنرابوو. هەروەها باسی لەوە کرد کە تورکیا وەکو هێزێکی ناوچەیی، بەپێچەوانەی پێشووەوە کە ئێران هێزی کاریگەری ناوچەیی بوو لە سوریا و لوبنان، دەستی باڵای بەسەر ڕوداوەکانی سوریادا هەیە، بەهۆی پشتیوانی و هاوکاری سەربازی و سیاسی بۆ ئەو هێزە ئیسلامیانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتی سیاسی سوریادا دەوری کاریگەریان هەیە. هەروەها باسی لەوە کرد کە سەرەنجام هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و هێزە ئیسلامیە سەرکەوتوەکان خەریکن کە سیناریۆیەکی تاریک بۆ خەڵکی سوریادا دابڕێژن و لەجێگای دەسەڵاتی دڕندانەی بەشار ئەسەد، دەسەڵاتێکی ئیسلامی پرۆ ڕۆژاوایی نزیک لە تورکیا بەناوی شۆڕشەوە بە خەڵکی سوریا بفرۆشن!

لەناو باسەکەیدا موحسین کەریم باسی لەوە کرد کە ئەم سیناریۆیەی بۆ خەڵکی سوریایان ڕێکخستوە ئەگەری ئەوە بەهێزدەکات کە بەرەو جەنگی ناوخۆ و شڵەژانی ئەمنی و سەربازی و سیاسی لە ناوچەکەدا بەتایبەتی عێراق و کوردستان بڕوات! ئاماژەی بەوەش کرد کە لەناو ئەم سیناریۆ تاریکەدا، دەنگێکی دیکە کە نوێنەرایەتی ئاوات و ئومێدە ئینسانیەکانی خەڵکی سوریا دەکات، چەکەرەی کردووەو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی دیمەشق کە بەڕاشکاوی ڕایانگەیاند دژی حکومەتی دینی و قەومی و دژی زەوتکردنی مافەکانی ژنان و سەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامین بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا، وەکو تروسکاییەکی جێگائومێد ناوزەدکرد کە دەبێ لەلایەن سەرجەم هێزە سۆشیالیست و کرێکاری و ئازادیخوازەکانەوە پشتیوانی بکرێ.

هاوکات باسی لەوە کرد کە دەبێ ئامادەکاری بکرێ بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو هەوڵانەی کە عێراق و کوردستان ڕادەکێشێتە ناو کێشمەکێش و ململانێی سەربازی و ئەمنیەوە لەچوارچێوەی فشارەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ پاشەکشەی زیاتر بەسەر ئێران و هێزە میلیشیاکانی لە عێراقدا. هەروەها باسی لەوەکرد کە دەبێ هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستان ئامادەسازی بکەین بۆ هاوکاری خەڵکی سوریا و ئەو کەسانەی کە ڕوبەڕووی ئاوارەبوون دەبنەوە بەهۆی ئەو دۆخە تازەیەی لە سوریادا هاتوتەپێشەوە.

لە پەیوەند بە پرسی کورد و مەسەلەی ناوچە کوردنیشینەکانی سوریاو هێزەکانی هەسەدەوە و جێگاوپێگەیان لە سوریای دوای ڕوخانی ئەسەد، ئاماژەی بەوە کرد کە تورکیا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ لەناوبردنی ئەو هێزانەو کۆتاییهێنان بە دۆخی ناوچەکەو سەپاندنی سیاسەتی شۆڤێنیستی و کۆنەپەرستانەی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا لەڕێگای هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە لەناو سوریادا. ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەم کێشەیە سەرەنجام لەنێوان بەرژەوەندی ئەمریکاو تورکیادا یەکلادەبێتەوە، کە ڕەنگە بە قازانجی خەڵکی ئەو ناوچانەو بەتایبەتی پرسی کورد لە سوریا نەشکێتەوە، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندی درێژماوەو ستراتیژی لەگەڵ تورکیادا هەیە و هاوکاری و پشتیوانیەکانی بۆ هەسەدە لەچوارچێوەی بەرژەوەندیە تاکتیکیەکانی ئەمریکادا جێگایان هەیە...هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە هەرجۆرە هێرشێکی سەربازی تورکیاو میلیشیاکانی بۆ سەر ئەو ناوچانەو تێکدانی دۆخی ژیان و ئاسایشی خەڵک مایەی سەرکۆنەکردن و دژوەستانەوەیە و دەبێ ئازادیی بڕیاری سیاسی لەدەستی دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا بێت ....

# وتەی دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب لە چوارەمین ساڵیادی ژیانلەدەستدانی مامۆستا شێرزاد فاتح لە سوید




**ئامادەبوانی خۆشەویست**

**هاوڕێیان و دۆستانی مامۆستا شێرزاد فاتح**

**هاوسەر و مناڵانی هاوڕێی ئازیز مامۆستا شیرزاد!**

سەرەتا بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان لەسەر گڵکۆی هاوڕێ ئازیز و خۆشەویستمان مامۆستا شێرزاد فاتح و ڕێزنان لە ژیان و خەبات و تێکۆشانی ئەو هاوڕێ تێکۆشەر و مرۆڤدۆستەمان. ئازیزان ئێمە ئەمڕۆ کە لێرە کۆبووینەتەوە، دەمانەوێ خۆشەویستی و سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەوڵ و ماندبوونی ئەو ئینسانە مرۆڤ دۆست و شۆرشگیرە نیشان بدەین کە ئەرکی سەرەکی خۆی لەژیاندا بۆ ئەوە دانابوو کە ئەم دنیا سەرەوخوار و نایەکسان و پڕ لە ستەم و زوڵمە بەجۆرێک ڕێکبخرێتەوە کە لەگەڵ ژیانێکی شادو ئازاد و یەکسان بۆ هەموو ئینسانەکان هاوجووت و تەبا بێت. هیچ کەسێک لەژێر هیچ ناو باینوویەکدا ستەمی لێ نەکرێ.. مافەکانی پێشێڵ نەکرێ.. لە ئازادی بێبەش نەکرێ... موحتاجی ئەوە نەبی کە چەندە پارەی هەبێت ئەوەندە بتوانێ لە ژیان و خۆشیەکانی ژیان بەهرەمەند بێت......

مامۆستا شیرزاد کۆمۆنیستیکی پەیگیر و بڕوای تەواوی بەکۆمۆنیزم، بەئازادی و یەکسانی بوو.. سیمایەکی کۆمەلایەتی مۆدرین و راستگۆ بوو بەمانای ووشە...ئەو لەو کۆمۆنیستانە سەرسەختانە بوو کە دەیویست فەرهەنگی خەڵک بگوریێت.. ئەو تەقلیدە دواکەوتوانە بگۆریت و بباتە دواوە کەدژی منالان و مافەکانیان بوو، ئەو یاسایانە هەڵوەشێتەوە کە مافەکانی مناڵان پێشێل دەکات و لەژیانی مناڵانەیان بێبەشیان دەکات.. ئەو دەیوت و هەوڵی بۆ ئەوە دەدا کە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکا ی مناڵان خەبات بکرێ و کۆمەڵگای بۆ سازبدرێت. ئەو خەباتی بۆئەوە دەکرد کە مندالان لەژیانیکی شاد و داهینەرانە بەهرەمەند بن.. نابیت گەشبینی و ئومیدی منالان لەژێر هیچ تایتڵ و ناوێکدا تێکبدرێت. بە خوارفەی دینی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی مێشکیان بشیۆێنرێت، چونکە ئەو باوەری وابوو ئەم سیستە کۆمەلایەتیەو ئابووریەی جیهان کە بنەماکەی پاراستنی قازانجە بۆ کەمایەتیەک، یەکێک لە ئامرازەکانی هێشتنەوەی ئەم جیاوازی و نایەکسانی و بێمافیە لەسەر کۆمەڵگای ئینسانی، بێمافکردن و ستەمکردنە لە مناڵان و تێکدانی مێشکو هۆشیانە بە خورافەی ئاینی و مەزهەبی و ناسیۆنالیستی و لیبراڵی و تاد....

ئەو باوەری بە گۆرینی ئەم سیستە زالمانەی سەرمایەداری هەبوو..دەیزانی منالان قوربانی بێمافی و چەوسانەوەی ئەم سیستەمەن. هەربۆیە تا لەژیاندا بوو بەدژی ئەوە بوو کە منالان بخرینە ناو بزوتنەوە سیاسی و ئاینیەکانەوە.. بنەمای فکری ئەو گۆرینی جیهان و هینانە ئارای نەوەیەکی نوێ بوو بۆ کۆمەڵگایەک کە ئازادی و یەکسانی و بەختەوەری تیا بەدی بێت.

بە ئاوردانەوەیەکی خیرا لە جیهانی ئەمرۆ، بۆمان دەردەکەوێ کە هیچکاتیک هیندەی ئیستا بۆرژوازی روخساری جیهانی شارستانی و بەناو ئازاد و بەها ئینسانیەکان و مافی ژیان و مرۆڤدۆستی لەپێشچاوی جیهان قێزەون پیشان نەداوە. ئەو تاوان و بەربەریەت و ئینساکوژیەی ئیستا کە لە غەززە تا لوبنان و ئوکرانیا... بەڕێکەوتوە، ئەنجامدانی جینوسایدو کۆمەلکوژی ژنان و منالان..کردنی کۆمەلگە بەگورستانی بەکۆمەڵ.. هەموو سنوریکی درەندەیی و تاوان، دارمانی ئایدولۆژیاو و سیاسی بۆرژوازی و سەرمایەداری تیپەراندوە .... دنیای ئەمرۆ قەرزاری کەسانی وەکو مامۆستا شیرزادە کە لەناو ئەم تاوان و کوشتار و بێمافکردنەدا، کە قوربانیەکانی بەشێکی بەرچاوی مناڵانە، بۆ بەرگری لە مناڵان و مافەکانی و لەژیان و سەلامەتی مناڵان، ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن..

مامۆستا شێرزاد فاتح هەڵگری خەمی گەورەبوو ئەوئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق و دواتریش ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان بوو باوەری بەوە بوو کە چینی کرێکار بەحزبی سیاسی دەتوانیێت شەری سەرومالّی خۆی لەگەڵ بورجوازی بکات.

مامۆستا شێرزاد لەسەرەتای نەوەتەکانەوە تا ئەو ساتەی کە مالاوایی لە ژیان

کرد، لەگەڵ هاوکارەکانی لە کوردستان سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالانی کوردستانی دامەزراند...بەرامبەر بە بێمافی و ستەمکیشی منالان سەرسەختانە راوەستایەوە، دژ بەلێدانی منالان لە قوتابخانەکان ، خستەبەرکاری منالان، بۆ بەهانەوەچوونی ژنان و منالانی ئاوارەکان لەگەڵ ئێمە لەگروپی هانادا پەیگیرانە راوەستاو سەنگەرێکی پۆلاینی دامەزراند ..دواتریش لەدوای رووخانی رژیمی بەعس روویکردە بەغدا و بۆ بەهاناوەچوون و رزگارکردنی منالان دەیان کەمپەینی بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە منالانی عیراق بەریخست.. بەهەق لەدەستدانی ئەو هاوری ئازیزەمان خەسارەتێکی گەورە بوو، نەک تەنها لە کۆمەڵگاو لە ئێمە هاورێیانی و لە منالە بێنازەکانی کوردستان و عیراق ..بەڵکو لە یاقلە، لەم شارە کە هاوری شیرزاد خەڵاتی ساڵانەی چالاکترین کەسایەتی تیا وەرگرت.

لەکۆتاییدا ..شانازی بەخۆم و حیزبەکەمەوە دەکەم کە کەسایەتی مرۆڤدۆستی وەک مامۆستا شیرزادی تیا بەرجەستە بوو..مامۆستا شیزاد لەناوامانا نیە بەجەستە بەڵام ئەزمونی ئەو ، منالدۆستی ئەو، میهرەبانی و خەمخۆری ئەو بۆ منالا بۆ مرۆڤی چەوساوە، بۆ هەمیشە عەزم و ئیرادەیە بۆ ئێمە...گەورەترین ریزلێنان لە مامۆستا شیرزاد ئەوەیە کە ئێمەش بۆ تەحقیقی ئەو ئامانجانەی ئەو لەمەیداندا بین. درێژەپێدەری رێبازو ئامانجەکەی بین .. هەربۆیە ناو و خەبات و هەوڵەکانی لەپێناو مرۆڤایەتی و مافەکانی منالاندا بەدرێژایی سەردەمەکان دەمێنێتەوە...

**بەرزو بەرێز بێت یادی هاوری ئازیزمان مامۆستا شیرزاد**

**ئێوەش سەربەرزو سەرکەوتووبن...**

# دەورەیەکی تازەی هێرشەکانی تورکیاو میلیشیاکانی دەوری بۆسەر ناوچە کوردیەکانی سوریا

## نوری بەشیر

هێرشەکانی ئێستای حکومەتی تورکیاو میلیشیا کۆنەپەرستەکانی دەوری بۆسەر ناوچە کوردیەکان لەسوریا، درێژەی هێرشەکانی پێشوویەتی، بەڵام بەتایبەتمەندی ئەم دەورەیە کە تورکیا دەورەی پێشوو وەک ئێستا نەیدەتوانی ئەنجامی بدات، بەڵام ئێستا خۆی بەبراوەو سودمەندی سەرەکی لەم ئاڵوگۆڕەی سوریا دەزانێت هەلومەرجەکە بۆی ئاوەڵاترە.

هەلومەرجی نوێی سوریا زۆر ئاڵۆزو پر پێچ و پەنایە، بەپێی ئەو هەواڵ و پروپاگەندانەی حکومەتە بۆرژوازیەکان و میدیا گوێ لەمستیان رۆژانە بڵاوی دەکەنەوە، بەپێی ئەو سەرەیەی کە گیراوە بۆ دیمەشق و دانیشتن و قسەوباس و وێنەگرتن و هەواڵ بڵاوکردنەوە لەگەڵ ئەبو محەمەد جۆلانی و بەرزکردنەوەی خۆی و گروپەکەی هەیئەی تەحریری شام و کردنی بەرابەری حکومەتی نوێی سوریای دوای بەشار ئەسەدو دانانی دەسەڵات و وەزیرەکان هەمووی لەلایەن هەتەشەوە.

هەر بەپێی ئەو هێرش و دەخالەتەی حکومەتی تورکیاوەک ئەوەی خۆی بەخاوەنی سوریا دەزانێتبۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سوریای دڵخوازی خۆیان و هەرەشەو هێرش بۆسەر ناوچە کوردیەکان و هەسەدە و ئامادەن کۆمەڵکوژی ئانجامبدەن، هەروەک لە هەرەشەکانی ئێستای ئۆردگاندا دەڵێ: یان دەبێت چەکەکانیان دابنێن، ئەگەرنا بەچەکەکانیانەوە لەناو خاکی سووریادا دەیانێژین.

یان وەک ئەوەی کە حکومەتی ئیسرائیل لە باشوری سوریا ئەنجامی دەدات دەیان کیلۆمەتر هاتوتە ناو سوریاوە، هەرروەک ئەوەی کە قەتەر ئەنجامی دەدات بۆ جێخستنی جۆلانی و وەک ئەوەی کە ئەمریکا هێزەکانی زیاد دەکات و وڵاتانی عەرەبی هەوڵی زوو داسەپاندنی جۆلانی بەسەر سووریادا دەدەن و یان هەرەشەکانی ئەم چەند رۆژەی ئێران، ئەوا هەموو ئەوانە جیا لە سیناریۆیەکی تاریک و کۆنەپەرست و تەسلیم بوون کە دەیخەنە بەردەم کۆمەڵگەی سوریا بەگشتی و هەموو حزب و لایەنە مەدەنی و ئینسانیەکان، بۆئەوەی بەو هەلومەرجەی هەیە و ئەو بەرنامەیەی کە هەیانە بۆ سوریا خۆیان بەدەستەوە بدەن و لەدەوری ئەو بەدیلە کۆببنەوە کە ئەوان دەیانەوێت، شتێکی تر نیە.

بەڵام ئەمە هەموو هاوکێشەو سیناریۆکە نیە، لەو کۆمەڵگایەدا تەنیا ئەوە نیە کە هێزە سەرمایەداریە جیهانی و ناوچەییەکان و بەتایبەت تورکیا تەپڵی بۆ دەکوتن، بەڵکو لەسەراسەری سوریاوە دەنگی نارەزایەتی دەبیسترێت؛ لە رۆژئاواوە لە لازقیەو دەوروبەری، لە خوارەوە لە ناوچەی سوەیدا و دەرعاو لە رۆژهەڵاتەوە ناوچە کوردیەکان و لەناو شارەکانی حەڵەب و حەماو دیمەشقیشدا، جیا لەوەی خەڵکی مەدەنی و ئینساندۆست، حزب و لایەنی کە دەنگی نارەزایەتی هەڵدەبرن و پەیامێکی دیکە رادەگەیەنین کە جیاوازە لە سیناریۆکانی بۆرژوازی جیهانی و ناوچەکە.

لە کاتێکدا ئەم هێزانەش تەنیا نین و پشتگیری ریزی ملیۆنان لە خەڵک و هێزی ئازادیخوازو کرێکاری و مرۆڤدۆستی ناوچەکەو جیهانیان لەگەڵدایە، ئەو هێزەی کە لەپاڵ خەڵکی فەلەستینیدا وەستان، ئاواش لەپاڵ ئەماندا دەوەستن.

ئەوە تەنیا تورکیا نیە کە دەیەوێت

ئایندەی سوریا بەوشێوەیە بڕوات کە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەخوازێت، بەڵکو دەخالەتی ژمارەیەک وڵاتانی جیهانی و ناوچەیی و هەتا ئێرانیش کە لەئاوەڵایی ئێستای سوریادا، لەهەوڵی جێگا گرتندان و دەیانەوێت مۆری خۆیان بدەن لە شکڵی حکومەتی داهاتوو و بەرژەوەندیەکانیان لەسوریا بڕواتە پێشەوە. ئەوە تەنیا هەتەشەو میلیشیاکانی دەوری تورکیا نیە، بەڵکو بەپێی هەواڵەکانی العربیەو چەندان میدیای تر کە لە نێوان ٨٠ بۆ ١٠٠ هێزو گروپ و لایەنی جیا لەسوریادا بوونی هەیە، ئەمانە هەمووی تورکیاو جۆلانی چۆن کۆیاندەکەنەوەو چۆن بەو بەرنامە کۆنەپەرستانەیەی جۆلانی و فاشیەتی تورکیا ڕێکدەخرێن لەژێر ناوی سوریایەکی تازەدا.

ئەگەرچی تورکیا دەیەوێت سوریا بکاتە دەروازەیەک بۆ مەرامە سیاسی و ئابوریەکانی و لەوێوە بۆ ناوچەکەش، هەربۆیە بەو شێوەیە کاری بۆ دەکات؛ بەتایبەت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و هێرش بۆسەر ناوچە کوردیەکان گەورەکردنی ئەو شەڕەی کە دەستپێکردووە؛ لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەڕێگای میلیشیاکانیەوە زیادبکات و پاشەکشە بە قەسەدە بکات، واتە شوێن پێی خۆی بەرەسمی قایم بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری زیاتر لەسەر جۆلانی و حکومەتی ئایندە دابنێت، بۆ ئەمەش نەک هەر وەزیری دەرەوەی هاکان فیدانی ناردە دیمەشق و بەڵکو ئۆردوگان خۆیشی بەنیازە بڕواتە دیمەشق و لەگەڵ جۆلانی کۆببێتەوەو قونسولگەریش لە حەڵەب بکاتەوە.

ئەگەرچی سوریا لەنێوان کێشەی ناوخۆو ناوچەکەدا گیریخواردووە، بەتایبەت جێگاوڕێگای ئەمریکا کە دەستبەرداری سوریا نابێت، نەک هێزە سەربازیەکانی لە ٩٠٠ وە کردوە بە دوو هەزار سەرباز، بەڵکو چەک و تەقەمەنی بەکاروانی گەورەشدا ناردۆتە ناوچە کوردیەکان. هەربۆیە بەشێکی شانسی تورکیا دەبێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا بڕواتە پێشەوە.

هەوڵەکانی تورکیاو میلیشیاکانی بۆ هێرشی ناوچە کوردیەکان و داگیرکردنی و پاشەکشە بەهێزەکانی قەسەدەش، ئەمەش ناتوانێت بەتەواوی لەناو ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی کە سوریادا هەیە وە تا ئەمریکا لەو ناوچانەدا بێت، تەنها ئەوە نەبێت لەگەڵ ئەمریکادا ڕێکەوتن بکات و ئەمریکا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵبکات، بڕواتە پێشەوە.

جێگاوڕێگای ئێستای کورد لە سوریاو هەتا وڵاتەکانی تردا، وەک جاران نەماوەو هەربۆیە تورکیا ئەگەرچی بڕاوەی ئاڵۆزی سوریایەو هێزەکانی کە خستیانە پێشەوە، بەڵام هەموو شتێک ناتوانێت بە بەرنامەی ئەو بڕواتە پێشەوە. ئەوەی کە دەیەوێت جۆلانی هاوڕا بێت لەگەڵ تورکیاو جێگاوڕێگایەک نەدرێت بە کوردەکان و هەسەدە لەدەورەی حکومەتی ڕاگوزەرو کاتی و حکومەتی ئایندەدا، کە ئەمەش لەچوارچێوەی هەلومەرجی بەشداری هەموو هێزو لایەنەکانی تری سوریادا بەبێ بەشداری هێزە کوردیەکان لەکۆنگرەیەکی نیشتمانی کە قەرارە بگیرێت ناتوانێت بەخواستی تورکیا بەتەواوی بچێتە پێشەوە. جۆلانی وەک ڕێویەکی فێڵباز لەناو داعش و قاعیدەو لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا گەورە بووەو هاتۆتەپێشەوە ئەو ڕاستیە باش دەزانێت و ئەوە دەرک دەکات.

ئەم هەنگاوەی تورکیاو میلیشیا کۆنەپەرستەکانی دەوری، بەشێکە لەو فاشیەتە قەومی و ئیسلامیەی کە لەتورکیادا بەدژی کوردەکانی پیادەی دەکات، بەتایبەت هەوڵەکانی ئێستای لەسوریادا تەنیا هەنگاو و لێدان نیە لە هەسەدە وەک چوارچێوەیەکی سیاسی و سەربازی بۆ بەرگری لەخەڵکی کورد، عەرەب و خەڵکانی ئەو ناوچانە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ لێدان و خستەژێرپێی ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردی سوریاو ناوچە کورد نشینەکانە و ئەمەش بەدژی ئیدعای ئەمریکاو غەرب و وڵاتانێکە کە گوایە هاوپشتی سوریایەک دەکەن کە هەموو پێکهاتەکان بەشداری تێدا بکەن و بەدژی بڕیاری ٢٢٥٤ی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە.

هەربۆیە ئەگەر تورکیا بیەوێت سوریا بەو ئاکارەدا بڕوات کەخۆی دەیەوێت، لەژێرناوی لێدان لە تیرۆرو پەکەکەو هەسەدەو دژی کوردەکان، دەبێت هەموو دەسەڵاتی سوریاو سوریا بەئاکاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و خەلافەتی ئیسلامی سەرکوتگەری لەچەشنی خۆی بەرێت، کە ئەمەش بەپێی ئەو هەلومەرجەی سوریاو هەموو لایەنە ناوچەیی و جیهانیەکان دەیانەوێت سوریایەکی ئارام دروستبکەن بۆ مسۆگەری بەگەڕخستنی سەرمایەو بازرگانیەکانیان و لەلایەکی تریشەوە سوریا وەک کۆمەڵگایەکی مەدەنی، ئەوا تورکیا بەئاسانی ناتوانێت ئەو بەرنامەیەی دایناوە بە ئارەزوی خۆی بچێتە پێشەوە.

کەواتە ئاڵوگۆڕەکان مەرج نیە تەنیا بەو ئاکارەدا بڕوات کە بەرنامە داڕێژەرانی وەک ئەمریکاو تورکیا و قەتەرو ڕوسیا دەیانەوێت، بەڵکو دەکرێت کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی تردا ببرێت، ڕاستە ئەوان ئەمڕۆ هێزی زاڵن و دەیانەوێت حکومەتی سوریا بەو شێوەیە دروست بێت کە خۆیان دەیانەوێت، کە بۆیان گرنگ نیە دەسەڵاتی جۆلانی و ئایندەی ئیسلامی میانەڕەوە یان توندڕەوە، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە بەرژەوەندیەکانیان پارێزراو بێت، بەڵام خەڵک و ناوچەکش تەجروبەی دەسەڵاتی ئەم هەموو هێزانەو هێزە ئیسلامیەکانی لەبەردەمدایە لەچەشنی؛ داعش، قاعیدە، تاڵیبان، جمهوری ئیسلامی ئێران، حزبوڵا، حوسیەکان و حەماس و دەیان گروپی ئیسلامی تیرۆریست و تا دەگاتە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی حکومەتی ئێستای تورکیا، ڕۆشنە کە خەڵکی سوریا کۆمەڵگایەکی ئازادو خۆشگوزەرانیان دەوێت و لەبەرژەوەندیاندایە، نەک دەسەڵاتێکی ئیسلامی و کۆنەپەرست و سەرکوت و لەژێر کاریگەری تورکیادا.

☆

# ڕووداوەکان و ئایندەی سوریا

عوسمانی حاجی مارف

ئایا سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکانی سوریا، تورکیا وەک گەورەترین براوە لە گۆڕەپانەکەدا جێگیر دەکات؟

لەگەڵ کۆتایی ڕژێمی ئەسەد، تورکیا هەوڵئەدات ببێتە یەکێک لە گەورەترین سودمەند لە سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی چەکدارانی ئیسلامی سونەی سوریا، بە لەبەرچاوگرتنی نیازو نەخشەکانی لە ناوچەکەدا کە بریتین لە لاوازکردنی زیاتری پێگەی ئێران و فراوانکردنەوەی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا، دەستەبەرکردنی سنوورەکانی و لێدان لە ئیدارەی کوردەکان و چارەسەرکردنی پرسی پەنابەران، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکاریە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا بەدواداچونی بۆ دەکات.

هاکان فیدان ڕایگەیاند، ئەو سەردەمە ناسەقامگیریەی کە سوریا بۆ ماوەی ١٤ ساڵ بەسەریدا هاتبوو، کۆتایی پێهات، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەنقەرە بەنیازە لەگەڵ ئیدارەی نوێ کاربکات بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی قۆناغی ڕاگوزەر، بە پشتیوانیکردن لە دامەزراندنی حکومەتێک کە هەیئەی تەحریری شام بەڕێوەی بەرێت. ئاماژەی بەوەشکرد، تورکیا لە نزیکەوە چاودێری جموجوڵەکانی داعش و پەکەکە لە سوریا دەکات، تا دڵنیابن لەوەی مەترسیان لەسەر تورکیا نیە.

تورکیا لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنجی لەسەر دوو بابەتی گرنگە؛ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی پەکەکە و یەپەگە، لەهەمانکاتدا چارەسەرکردنی پرسی ناردنەوەی پەنابەرانی سوری لە تورکیا.

ئەوەی شایانی باسە پەنابەران وردەوردە دەستیانکردووە بە گەڕانەوە بۆ سوریا.

هاوکات چانسی مانەوەی ڕێکخراوە چەکدارەکان لە سوریا ناڕۆشنە، ئەمەش گوزارشت لە سەرکەوتنی گەورەی سیاسەتەکانی تورکیا دەکات لەو چوارچێوەیەدا .هەروەها دابەزینی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا، دەرفەتێکی ستراتیژیە بۆ تورکیا کە زەمینەسازی بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر دابین بکات، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات کە تورکیا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێ لە سوریا بکات، کە کاریگەری ئەنقەرە دەتوانێت بەشێوەیەکی بێوێنە فراوان بێت، واتە تورکیا لەقۆناغی داهاتودا دەبێتە یاریزانێکی بەتوانا لەژێرڕۆشنایی گۆڕانکاریە خێراکانی سوریا و ناوچەکەدا.

تورکیا بەردەوام دەبێت لە کارکردن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی نەک تەنها لەڕێگەی ستراتیژیە سەربازیەکانیەوە، بەڵکو لەهەمانکاتدا بە پاڵپشتیکردن بۆ دامەزراندنی حکومەتێک لەسوریا کە زیاتر سودمەند بێت بۆ تورکیا، ئەویش بە دەوری دەسەڵاتی هەیئەی تەحریری شام و ئەگەری بەرەوپێشبردنی سەقامگیری درێژخایەن لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە.

تورکیا قبوڵ ناکات پەکەکە لە باکووری سوریا وەک هێزێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئەم پرسە بەجۆرێک بەبنەمایەکی بنەڕەتی دادەنێت کە دانوستانی لەسەر ناکات . واپێدەچێت لەم بارەیەوە بۆ ئەنقەرە هەڵوێستی ئەمریکا گرنگیەکی ئەوتۆی نەبێت، چونکە تورکیا پێیوایە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کاتیەو، درەنگ یان زوو کۆتایی دێت، یان ڕێکەوتنی لەگەڵدا دەکات کە بە شێوەیەک کۆتایی بە ئیدارەی کوردەکان بهێنێ.

ئەسەد وولاتێکی دابەشکراوی لەدوای خۆی بەجێهێشت و ناسەقامگیری سوریا بۆتە واقعیەتێک و تەحەدایەک بۆ ئۆپۆزسیۆن و دانیشتوانی سوریا، کە چۆن ئەتوانن حکومەتێکی ناوەندی کە بتوانێ سوریا لەو گێژاوە بپارێزێت، دامەزرێنن؟ تائێستا هیچ ڕۆشناییەک لەوبارەیەوە بەدی ناکرێت. دارمانی ڕژێمی ئەسەد لە گەمەی سیاسی ناوچەکەدا، تەنیا ماوەیەکی کەمی تێپەڕاندوە، بۆیە ئەستەمە بەدڵنیاییەوە بتوانین، لەم دۆخەدا بڵێین چ دەرئەنجامێک بەبێ بونی هێزی چینی کرێکار و ئازادیخوازان لە مەیدانی سیاسیدا، ئەتوانرێت سەقامگیری لە سوریا بەدەست بهێنرێت.

ئەندامانی گروپی ئیسلامی هەیئەی تەحریری شام کە تورکیا پشتیوانی لێکردن، سەرکردایەتی بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانی ئۆپۆزسیۆنیان کرد لە سوریا و لەبەرامبەر سوپاکەی ئەسەدا شەڕیان کرد، تورکیا بەدرێژایی شەڕی ناوخۆی سوریا ڕۆڵی سەرەکی دیوە، لەپارچەپارچەبونی ناوخۆیی سوریا و ئۆپۆزسیۆنەکەی، کە توانای هێنانەدی سەقامگیری بۆ سوریا سەخت کردووە.

ویست و توانای هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازی بۆ پاراستنی یەکگرتویی لە گواستنەوە بۆ دەورانی سوریای دوای ئەسەد لەژێر پرسیاردایە و پرۆسەیەکی سەخت نیشان ئەدات، بۆیە شەڕی ناوخۆش ئەگەریکە، چونکە زۆرێک لە کوتلە ئۆپۆزسیۆنەکانی بۆرجوازی سوریا بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی سیاسی و بەرژەوەندیەکانی پشتیوانانی دەرەکیەوە، دابەشبوون، ئەمەش جاری هەروا دەمێنێتەوە، واتە سەرەڕای سەرکەوتنی ئێستایان لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەسەد، ئاشکرایە کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە ئاستی هاوسەنگی هێزیان و چۆنیەتی ئەو پشتیوانیەی دەیانپارێزێت لەم دۆخە ڕاگوزەرەی سوریادا،

ئەتوانرێت پێگەورۆڵیان لە ئایندەی سوریادا دیاری بکرێت.

هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن بەسەرکردایەتی هەیئەی تەحریری شام کۆنترۆڵی دیمەشق و ناوچەکانی دیکەی رۆژئاوای سوریایان کرد، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە، ئایا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی باقی ناوچەکانی ئەو وڵاتە ئەدەن؟ یان دەتوانن ئەنجامی بدەن؟ ئەگەر وابێت، ئایا دەتوانن لە درێژخایاندا پارێزگاری لێبکەن؟ ئەزموونی ئیسلامی و جیهادیەکانی پێشوو لە ناوچەکەدا، لەرووخانی خەلافەتی داعشەوە تا دەگاتە شکستی ئیخوان موسلمین لە میسر، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چەسپاندنی کۆنترۆڵ رەنگە کارێکی قورس بێت بۆیان.

بەدرێژایی شەڕی ناوخۆی سوریا، ئێران، ئەمریکا، ڕوسیا و تورکیا ڕۆڵی سەرەکیان بووە لە درێژەدان بەو دۆخە، بەڵام دوایین هێرشی ئۆپۆزسیۆن لەکاتێکدا بوو کە سێ هاوپەیمانی سەرەکی ئەسەد، کە ڕوسیا، ئێران و حزبوڵای لوبنان، نەیانتوانی پارێزەری ئەسەد بن. لەهەمانکاتدا کۆتایی ئەسەد زیانی گەورەی گەیاند بە نەخش و بەرژەوەندیەکانی هەرسێ لایان لە ناوچەکەدا.

گرنگیدانی ڕوسیا بە ئۆکرانیا و پاشەکشەی ئێران بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە، توانای پاڵپشتی بەهێزی بۆ ئەسەد نەهێشتەوە، هاوکات حزبوڵڵاش توانای ناردنی هێزە چەکدارەکانی نەبو وەک ئەوەی پێشتر دەیکرد .لە ٢ ی کانونی یەکەمدا، لەگەڵ جوڵەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕوسیا دەستیکرد بە کشانەوەی کەرەستە دەریاییەکانی خۆی لە بنکە ستراتیژیەکەی لە دەریای ناوەڕاست لە تەرتوسی سوریا، ئەم وەرچەرخانە لە پاڵپشتی ڕوسیا بەرامبەر سوریا، توانای ئەسەدی تەواو دارمان و ناچار بە هەڵاتن کرا.

گومانی تێدا نیە کە ئەمریکا پێشوازی لەم دابەزینەی نفوزی ڕوسیا و ئێران لە سوریا کرد، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێشوازی لە سیناریۆی "سەرکەوتنی کارەساتێک" کرد، کە تێیدا ڕێکخراوێکی ئیسلامی دڕندەی پاشماوەی قاعیدە جێگەی ئەسەد دەگرێتەوە، لەکاتێکدا خودی ئەمریکا و زۆرێک لەووڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو ڕێکخراوەیان بە "تیرۆریست" ناساندووە.

ئەو ڕاستیەی کە گرووپە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن، دەستیان بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت، کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بون، ئاماژەیە بۆ ڕاستیەکی چارەنوسساز کە سوریا بە دیفاکتۆ دابەشبووە، ئاراستەی پێکهێنانی حکومەتێک کە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازی سوریا بەشداری تیا بکەن، ناتوانێ نمونەیەکی سەرکەوتو نیشان بدات، زیاتر ئەوە پێشبینی دەکرێت ئەحمەد شەرع سەرکردەی هەیئەئ تەحریر باڵادەستی لە مەیدانی سیاسی سوریادا بکات و ئایندەیەکی ئاڵۆزو نارۆشن بکاتە چارەنوسی سوریا.

بەگشتی داهاتووی سوریا تا ئێستا نارون و نادیار ماوەتەوە، چەندین سیناریۆ ئەگەری ڕودانی هەیە لە داهاتودا، دەکرێت ململانێی دەسەڵات لەنێوان ئەو کوتلە جیاوازانەی کە لە سوریا کاردەکەن، سەرهەڵبدات، یان هێزێکی یەکگرتوتر کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەیئەی تەحریر شام سەرۆکایەتی دەکات، دەسەڵات بگرێتە دەست. لە هەر حاڵەتێکدا پێدەچێت سوریا بە لاوازی بمێنێتەوە و لە کێشەو ململانێ ناوخۆییەکاندا نوقم بێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە دیاردەکانی بەم زوانە دەرکەون، هەروەها گۆڕەپانێکی کراوە دەبێت بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاترکردنی ئەو تەحەددیاتانەی کەڕووبەڕووی هەوڵەکان دەبنەوە بۆ بەدیهێنانی بوژانەوە و دامەزراندنی سەقامگیری لە وڵاتەکەدا.

هەروەها ئەم گۆڕانکاریانە دەرفەتێکی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کردۆتەوە کە لە گۆڕەپانی سیاسی سوریادا دەوریان هەبێت، هەرچەندە قەبارە و فۆرمی ئەم رۆڵە هێشتا دیاری ناکرێت و ئەحمەد شەرع وەک شێوەی ڕێکخراوێکی پراگماتیز و پێگەیشتووتر و قبوڵکەرتری گرتۆتە بەر، بەڵام لەئاستی سەرکردایەتی هەیئەی تەحریری شامدا، لەبنەڕەتدا، داوای سیستەمێکی بەدیل لە حکومەت دەکات کەرەگ و ڕیشەی لە ئیسلامدا هەبێت. لە سایەی هەمان ئەو پشتیوانیە گەورەیەی تورکیا و قەتەر کە پشتیوانی ئیسلامی سیاسی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی پێشهاتەکانی ئەم دواییەی سوریا پێگەی ئێرانی لاوازکرد، لەهەمانکاتدا پێگەی تورکیای وەک میحوەرێکی سەرەکی لە ناوچەکە بەهێزتر کردووە، تورکیا ئامادەیە هەر هەنگاوێک بە پێویست بزانێت، لەوانە بەکارهێنانی هێزی سەربازی، ئەگەر هەست بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ لاواز کردنی پێگەی بکات لە ناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا پشتیوانی ئەو لایەنە دەکات لە دەسەڵاتی سیاسی لە سوریا کە هاوئاهەنگی لەگەڵ تورکیادا دەکەن.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی گرنگە سەرنجمان لەسەری بێت پێگەی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا، بەجۆرێک چۆتەپێشەوە دوای وێرانکردنی غەززەو باشوری لوبنان، بە کەوتنی ئەسەدیش دۆخەکەی زیاتر بۆ ئاواڵەبووە، گومانی تیا نیە پێگەی ئێستای ئیسرائیل کاریگەری لەسەر ئایندەی پێکهێنانی حکومەت لە سوریا دەبێت، ئەحمەد شەرع بەهەر ڕەخنەیەک لەسەری بێت، وەک لایەنێکی ئیسلامی دژ بە "ئیسرائیل" ، ناتوانێت بچێتە مەیدانی شەڕو ململانێی ئیسرائیلەوە، ناچارە بەشاردنەوەو ڕاگرتنی ئەو دژایەتیە، ئەمەش لە دنیای چواردەوری بزوتنەوەی ئیسلامیدا بۆی دەبێتە خاڵێکی جیاوازو لاواز.

هەروەها ئێران باش ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە گۆڕەپانی

ناوچەکەدا ڕوویانداوەو بە زیانێکی گەورە بۆی تەواو بووە، ڕەنگە هەوڵبدات بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنقەرە سیاسەتەکانی خۆی دابڕێژێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی، بەتایبەتی لەڕێگەی نفوزی خۆی لە عێراقدا. ئەمەش تاچەند جێگای پێشوازی تورکیا دەبێت؟ بەتایبەتی کە تورکیا لە هەوڵی بالادەستی زیاتری خۆی دەبێت لە ناوچەکەدا، بۆیە ئەنجامی هەوڵی ئێران جێگای پرسیارە.

لەم نێوەدا ڕوسیا بە پشتبەستن بە ئامادەبوونی سەربازی و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی لە دەریای ناوەڕاست، هەوڵ دەدات لەڕێگەی پتەوکردنی هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ تورکیا، هەوڵی پاراستنی نفوزی خۆی لە سوریا بداتەوە!.

ئەتوانین بڵێین لەم جەنجاڵی و دۆخە ئاڵۆزەی سوریادا جگە لەوەی ناتوانرێت ئایندەیەکی دیاریکراو بۆ سوریا دیاری بکرێت، لەهەمان کاتدا سوریا و ناوچەکە لەسایەی ململانێ و دەخالەتی جەمسەرە ئیمپریالیەکان بە ئاسانی نایەتەدەرەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکاو ئیسرائیل گرەوێکیان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بردۆتەوەو هاوکێشەی سیاسی بە قازانجیان گۆڕدراوە، فرسەتی زیاتر هاتۆتە بەردەستیان کە دەخالەتی زیاتر لە ناوچەکەدا بکەن.

کۆتایی ئەم دۆخە دژوارو پرکارەساتەی سوریا و ناوچەکە کارێکی سادە و چاوەڕوانکراو نیە مەگەر ئەوەی شۆرشێکی کۆمەلایەتی و جەماوەری بەرفراوان لە ناوچەکەدا بەرپا ببێت، کە ئەم هەلومەرجە بە قازانجی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە بگۆرێت.

★

# خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای سووریا!



**توانا محمد نوری**

ڕووداوەکانی سووریا تەنها یەکێکە لە چەندین پێشهاتی سیاسی لە ناوچەکە. ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو بکەین، پێشهاتە ناوخۆییەکانی سووریا تازە دەستی پێکردووە. سەرەڕای هەوڵی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە کە پشتیوانیان لێدەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بە سوودی گرووپی "دەستەی ڕزگاری شام" و تورکیا و قەتەر، ڕووخانی بەشار ئەسەد بووەتە خاڵی دووبارە سەرهەڵدانی بزووتنەوە جەماوەرییە ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازەکان لە سووریا. خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ داکۆکی لە ئازادییە سیاسییەکان و مافەکانی ژنان لە ئێستاوە دەستیپێکردووە.

هەر لەیەکەم ڕۆژی ڕووخانی بەشار ئەسەد و پێشڕەوی ئیسلامیەکان، دیاربوو کە سووریا ناتوانرێت لەلایەن ڕژێمێکی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاستەوە ئیدارەبکرێت. هۆکارەکەشی ڕوونە. پێش هەموو شتێک، هەمەجۆری ناوازەی نەتەوەیی و تائیفی و ئایینی وڵاتێکی بچووک کە ٢٠ ملیۆن کەسی تێدایە، ڕێگری دەکات لەڕێکخراوێکی ئایینی کە پابەندە بە تەریقەتێکی دیاریکراوی سوننەوە، لە سەپاندنی ئایدۆلۆژیا و حکومەتێکی سیاسی دیاریکراو بەسەر خەڵکدا. هەروەها سووریا نەریتێکی عەلمانی هەیە، کە بەتایبەتی لەماوەی حوکمڕانی حیزبی بەعس لە ٦٠ ساڵی ڕابووردوو بەهێزتر بووە. هەروەها سووریا لەڕیزی پێشکەوتووترین وڵاتانی عەرەبیە لە ناوچەکە. بۆیە کاتێک خەڵک ڕوویان لە شۆڕشی ٢٠١١دا کرد دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد، دەستپێشخەرییەکی جەماوەری بوو بۆ گۆڕینی نەزمی حوکمڕانی، هیچ باسێکیش لەسەر ئیسلام و گرووپە ئیسلامییەکان نەدەکرا.

پێشئەوەی گرووپە ئیسلامییەکان پێگەی خۆیان بەهێزتر بکەن، گەلی سووریا ڕوویان لە مەیدانی خەباتی ڕاستەوخۆکردووە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی کانونی یەکەم لە بەشێک لە شارەکانی سووریا خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری دەستپێکرد، هەزاران کەس لە "گۆڕەپانی ئومەوی"ی دیمەشق کۆبوونەوە و داوای حکومەتێکیان بە بەشداری ژنان کرد. ئەوان دروشمیان دەوتەوە: "دین هی خودایە و نیشتمان هی هەمووە کەسێکە". "مافی ژنان جێگای گفتوگۆ نییە". خۆپیشاندەران لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکانیاندا دروشمیان هەڵگرتبوو کە لەسەری نووسرابوو "دیموکراسی نەک تیۆکراسی"، "جگە لە حکومەتێکی عەلمانی و دیموکراسی هیچ حکومەتێکی تر قبوڵ ناکەین". هەروەها گۆڕەپانی "شێخ زاهر" لە لازقیە شایەتحاڵی کۆبوونەوەی گشتی بووە و نارەزایەتییەکان بە داواکاری هاوشێوە بوو.

بانگەوازی زۆر لەلایەن ژنانی سووریاوە بۆ ئەنجامدانی گردبوونەوەی نارەزایەتی لە گۆڕەپانە گشتییەکان بلاوکرایەوە. چالاکوانانی سووری لە شاری حومس خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست و دروشمی پشتیوانی لە ژنان و مافە

مەدەنییەکانیان بەرزکردەوە. گروپ و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا گەشەیان کرد، دیسانەوە چالاکن و پشتیوانیان لە خەباتی ژنان کرد. لەلایەکی ترەوە، فراکسیۆنە کوردییەکان بەرەیەکی چەکداری ڕێکخراو و بەهێزیان بنیاتناوە کە دژایەتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات.

دیارە کێبڕکێ و ململانێ ناوخۆییەکان و هەژاری و برسێتی و ئاوارەیی لەگەڵ گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان دۆخی ئابووری خەڵکی سووریای چەندقات قورستر کردووە. لەلایەکەوە تورکیا و قەتەر پشتگیری لە گروپە ئیسلامیەکان دەکەن، بەتایبەتی ئیخوانەکان. لەبەردەمیاندا میسر و ئوردن و ئیمارات و تەنانەت سعودیە وەستاون، کە هەموویان بەتوندی دژی کۆنترۆڵی ئیخوان و پشتگیری لە گروپە نزیکەکانی خۆیان دەکەن. لە باروودۆخێکی بەوجۆرەدا، هەرچەندە تورکیا ڕۆڵی سەرەکی بینی لە پاڵپشتیکردنی گروپە ئیسلامییەکان بۆ ڕووخانی بەشار ئەسەد، بەڵام لەبەردەم بەرەی وڵاتانی عەرەبی کە لە هەر حاڵەتێکدا سووریا بە وڵاتێکی سەر بە جیهانی عەرەبی دەزانن، ناتوانێت سیاسەتەکەی بەوشێوەیەی کە دەیەوێت بە دەستێکی کراوە جێبەجێ بکات. دیارە ئیسرائیل، ڕووسیا و تەنانەت کۆنە بەعسیەکانیش هێشتا نەچونەتە دەرەوەی بازنەکە.

هەرچەندە هەندێ گروپ کە ئاراستەی جۆراوجۆریان هەبوو، لەوانە گروپە ئاینییەکان و ئیخوان موسلیمین، لە هەندێک شوێنی سووریا بە یارمەتی دەرەکی دەسەڵاتیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، توانای ئیسلامیەکان بۆئەوەی ببنە هێزێکی باڵادەست بەهۆی هێز و ناوبانگ و پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکدا نەبووە، بەڵکو ئەنجامی پشتیوانی دارایی و سەربازی هێزە هەرێمیەکان بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکانیان و فراوانکردنی بواری نفووزیان کە بووە هۆی پەراوێزخستن و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی سووریا.

☆

# بەشێک لە بەڵگەنامەی:

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان: ئاراستە و ئەرکەکانمان

## ئاراستەکان:

١/ فەلسەفەی بوونی هەر حزبێکی سیاسی، بۆرژوازی بێت یان کرێکاری، پرسی دەسەڵاتی سیاسیە. خاسیەت و کاراکتەری حزبی سیاسی، سەربەخۆ لەوەی بچووکە یان گەورەیە، نفوزی جەماوەری لاوازە یان فراوان، لەکام هەلومەرجی سیاسیدا هەڵسوڕانی سیاسی دەکات، جا چ هەلومەرجی سیاسی ناشۆڕشگێڕانە بێت یان هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە، ئەوەیە کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تێدەکۆشێت. بەڵام میکانیزمی بەدەسەڵات گەیشتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، پشت بە ڕێکخستن و ئامادەکردنی سیاسیی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و ستەملێکراوی کۆمەڵگا بە ئاراستەی گۆڕینی دۆخی سیاسی بۆ دۆخێکی شۆڕشگێڕانە دەبەستێ، کە جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێش بەکردەوەی شۆڕشگێڕانەوە لەژێر ڕابەری حزبی سیاسی کۆمۆنیستیدا دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی دەروخێنێ و دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاری لەجێگایدا دادەنێت.

٢/ مەبەست لە دەسەڵاتی سیاسی، تەنها ئەوە ساتە نیە کە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بەکردەوە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی بۆرژوازی دەردەهێنێ و دەسەڵاتی دەوڵەتیی خۆی دادەمەزرێنێ. پرسی دەسەڵاتی سیاسی و حزبی خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی مانای ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە یەکەم ڕۆژەکانی هەلسوڕانی سیاسیەوە هەوڵدەدات بۆ بردنەسەرەوەی تواناکانی حزب لە هەموو ئاستەکانی خەباتی چینایەتیدا، ڕابەریەکەی هەررۆژەو هەرساتە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پێگەو کاراکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزب و گۆڕینی هاوسەنگی هێز و دەرکەوتن لە مەیدانەکانی خەباتدا لەدژی بۆرژوازی، هەروەها لە پەیوەند بە چارەنووس و مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاوە ئەو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکات و وەک ڕێکخەر و ڕابەری خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دەردەکەوێت. بەواتایەکی تر هەموو هەنگاوەکان و ستراتیژ و تاکتیکە سیاسیەکانی حزب، پێبەپێی بەرەوپێشچوونی چالاکی و هەڵسوڕان و نفوز و کاریگەری سیاسی لەناو کۆمەڵگادا، بەو ئاراستەیەیە کە حزب لە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نزیک دەکاتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە تەنانەت بەر لە گرتنی بەکردەوەی دەسەڵاتی سیاسیش، ئەم حیزبە لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگا و بەرامبەر بە حزب و بزوتنەوە ئەسڵیەکانی بۆرژوازی جێگاوپێگەیەکی سیاسیی بەرچاو و کاریگەری هەیە. حیزبێکی لەمجۆرە توانای کاریگەریدانانی هەیە لەسەر ڕەوتی ململانێ سیاسیەکان و دیاریکردنی ئاراستەی ڕوداوە سیاسیەکان، توانای هەڵخراندنی جەماوەری و پووچەڵکردنەوەی سیاسەت و هەنگاوە سیاسیەکانی بۆرژوازی و دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی هەیە.

..........